# لێکدانەوەی مێژوو

م. شرمين كريم عبدالرحمان

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# بنچینەی وشەی مێژوو

- لە وشەی ارخوی ئەکەدیەکان
- لە وشەی یرخ ی سریانی و عیبری وەرگیراوە
- لە وشەی مورخی فارسی وەرگیراوە
- لە وشەی بەنو تمیم (ورخت کتابا تاریخا)  ( مێژووی ئەو کتێبەی بە مێژوو دانراوە)
- لە وشەی ارخەی قەیسیەکان وەرگیراوە (ارخە تاریخا) (مێژوومان بە مێژوو کرد)

# وشەی مێژوو بە مانای دیاری کردی کات دێت

- چەندەها بیروبۆچوونی جیاواز دەربارەی مێژوو هەیە هەندێ لە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدیەکان لە وشەی ارخو واتە مانگ هاتووە هەندێکی دیمە ئاماژە بەوە دەدەن کە لە وشەی یرخ هاتووە کە لە زمانی عیبریدا لە مانای مانگ دێت. هەندێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ وشەی مورخ کە لە زمانی فارسی دا بە مانای مانگ و ڕۆژ دێت، وانە حیساب کردنی مانگ و ڕۆژ و ساڵ.
- مێژوو بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ بەش پێکهاتووە:
- کات
- شوێن
- مرۆڤ

# مێژوو لە رووی زاراوەییەوە هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا چەندەها پێناسەیان بۆ مێژوو داناوە:

- هەر شتێك لە کۆنەوە تاوەکوو ئیستا لە بوونەوەردا ڕوویدا بێت دەچێتە خانەی مێژووەوە کە دواتر ئەو پێناسەیە گۆڕانکاری بەسەردا هات و بچووك کرایەوە.
- هەر گۆڕانکاریەك لەسەر رووی زەوی دا ڕووی دا بێت ئەوە مێژووە کەچی دواتر وا بەیان کرا زۆر شت هەیە روو دەدەن لە سروشتدا کەچی دەستی مرۆڤی تێدا نیە بۆیە ئەو پێناسەیەش گۆڕانکاری بەسەر داهات.
- کۆتا پێناسە بریتیە لە تەواوی ئەو ڕووداوانەن کە لەسەر رووی زەویدا ڕوودەدەن کە مرۆڤ لەسەر شانۆکەیەتی لە کۆندا.

# پێناسەی مێژوو

بریتیە لە هەموو ئەو جموجۆلانەی لەسەر دەستی مرۆڤ ڕوویان داوەو تۆمار کراون و شوێنەواریان بەجێ هێشتووە

لەبەر ئەوە پێویستە هەموو ئەو ڕووداوانە بە شێوەی نووسراو بن یاخود بە مانەوەی شوێنەوار تۆمار کراو بن ئەمەش لە دوای ئەوەی مرۆڤ پێشکەوتنی بە خۆیەوەی بینی وە پسپۆری دروست بوو، لە هەموو بوارەکان کەواتە ئەمەش تەواوترین پیناسەیە بۆ مێژوو

# مێژوو دابەش دەبێت بەسەر چەند لایەنێکدا

- کۆمەڵایەتی
- سیاسی
- ئایینی
- یەكێك لە مێژوونووسەكان بە ناوی قسطنطين زريق لە كتێبی نحن والتاريخ دا دەڵێت كە پیویستە جیاوازی بكەین لە نێوان تأريخ و تاريخ دا :
- تاريخ بە مانای خودی ڕووداوەكان و جموجۆڵەوەكان دێت و تأريخيش ئەو زانستەیە بە مانای لێكۆڵینەوە و وردبوونەوە شیكردنەوەی ڕووداوە تۆماركراوەكان دێت.
- دەتوانین بڵێین مە مێژوو ماوەیەكی دیاری كراو ناگرێتەوە بەڵكو هەموو كاتێك دەگرێتەوە واتە مرۆڤ ڕووداوەكان دروست دەكات. خەندێك لە مێژوونووسان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە مێژوو بەردەوامە وەكو ڕووبارێكە كە لە سەرچاوەكەیەوە تاوەكو ڕێژگەكەی بەردەوامە لە جوڵە ، هەر بۆیە مرۆڤەكان مێژوویان لە یەكتری دەچێت.
- گرنگی خوێندنی مێژوو تەناە بۆ ئەوە نیە كە بزانین لە رابردوو چی رۆویداوە بەڵمو بۆ ئەوەیە سودی لێ ببینین و بزانین ئێمە لە چ قۆناعێك داین.

# گرنگی ڕابردوو لە دیراسەت و خوێندنەوەی مێژوودا چیە:

- ئەگەر ئێمە بمانەوێ رابردوو لە یاد بکەین و باس لە ئیستا و داهاتوومان بکەین ئەوە هاوکێشەیەکی تەواو نەکراوە لەبەر ئەوە هەر کاتێك بمانەوێت ئەمە بکەین راستەوخۆ پەیوەندی بە رابردوومانەوە هەیە و دەبێیت خوێندنەوەی بۆ بکەین، چونکە ئە مە بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگی داهاتوو بینی دادەنرێت، بە جۆرێك لێکۆڵینەوە لە ڕابردووی مرۆڤ مێژووی گەلێکت بۆ بەیان دەکات جا چ پێشکەوتن و سەرکەوتن بێت یاخود بە پێچەوانەوە.
- ئەگەر چی بەشێك لەرابردوومان دەوڵەمەند نیە بە زانیاری لەبەر هەبوونی کێشەو خراپی بارودۆخی ئەو کاتە و گیرو گرفت و دواکەوتووی سەرەتاکانی ژیان بە جۆرێك مرۆڤە کۆنەکان زیاتر گرنگیان بە مانەوە و پارێزگاری کردن لەخۆیان دەدا بەرامبەر بە مەترسیەکان، نەك گرنگر دان بە داهاتوو پێشکەوتن و گەشەسەندن بەڵکو تەنیا مانەوە ئامانجی سەرەکی بوو.
-

- بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی هەیە زۆر گرنگە چونکە بارۆدۆخی مرۆڤ پێویستی بە نوێبوونەوە و گۆڕان و داهێنان هەیە بۆ گۆڕینی ئەو واقعە تاڵەی کە هەیبووە و نوێبوونەوە لە پێشکەوتنی ئێستا دا و داهێنان لە داهاتوودا. بەو شێوەیەش داهێنان شۆرشێکی فکری و سەرکەوتنە.
- کەواتە مێژووی رابردوو لەگەڵ هەوڵدانی مرۆڤ بەشدارن لە بنیادنانی داهاتووی کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا، هیچ کاتێك ناتوانین دیراسەت لەرابردوودا بکەین چونکە شتێکی بێ سوودوو کەڵکە ئەگەر بە کارینەهێنین بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و داهاتوومان.

هەر وەك ابن خلدون دەڵێت مێژوو بۆ لێکۆڵینەوە و سەیرکردن و پشکنین و هۆزانینی بۆچوونەکانە، سەرەتا سەیرکردن و لێکۆڵینەوە و هێز و شیکردنەوە و دواتر هۆکار و ئنجا ئەنجام.

- لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی رابردوو و هۆکار لە ئێستا و ئەنجامیش لە داهاتوو.
- ابن خلدون دەلێت : ئێمە دەتوانین بە مێژووی ڕابردووی نەتەوەکان و پێشینەی پێغەمبەران و پاشاکان لە وڵاتەکانیان سوود وەرگرین.
- هیگل دەلێت: یەکەم وانە لە مێژوودا فێری دەبین ئەوەیە کە مرۆڤەکان پەند و ئامۆژگاری لە رابردووی خۆیان وەرناگرن بۆیە هەمیشە لە قۆناغێکی چەق بەستوویيدا دەمێننەوە.

# ڕەوتی مێژوو

- جوڵێنەری مێژوو خودایە بە جۆرێك هەموو ئایینە ئاسمانیەکان دەرگایان بەڕرووی مێژوودا کراوەتەوە، ئەگەر چی وشەی مێژوو نەهاتووە بەڵام بە شێوەی ئەساتیل و جیرۆك هاتووە.
- هەندێکی دیمە دەڵێن پاڵەوانە وەکو تۆماس کارلایل واتە ئەگەر پاڵەوانە نەبوایە ئەوا مێژوو نەدەبوو ئەوانە ڕەوتی مێژوو بەڕێوە دەبەن و تەواوی دەکەن.
- خەندێکی دیکە دەڵێن ئابووریە وەکو مارکس
- بەڵام ابن خەلدون دەلێت زانستێکە لێکۆڵینەوە لە دیاردە ز باسە کۆمەڵایەتیەکان دەکات.

# جیاروازی نێوان زانست و مێژوو

- وەس جینیفر دەلیت لە نێوان مێژوو و زانستدا بەربەستێك هەیە، لە مێژوودا اختبار و تجربە نیە لە جۆرێك لە زانستدا دەتوانین اختبار و تجربە بکەین باخود یاسای دیاری کراو تر داببنێبت، بەمەش مێژوو بە دوو شێوە ڕوودەدات یاخود بە صدفە یانیش بە هەوڵدان و ڕووبەڕووبوونەوە.
- ن هربنشۆ: دەاێت مێژوو زانستی نجربە و اختبار نیە بەڵکو مێژوو زانستی ڕەخنەو لێکۆڵینەویە وە نزیکترین زتنست لە مێژوو جیۆلۆجیە هەموو مێژوونووس و جیۆلۆجیەك لە شوێنەواری رابردوو دەکۆلێتەوە بەڵام کاری مێژوونووس زۆرترە بەڵکو لەسەریەتی شیکردنەوەی مرۆیی و کارگێری و ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکان بکات.
-

- ابن خلدون دەلێت مێژوو خونەرێکە لە هونەرەکان ئەگەر بە شێوەی ڕاست و پوحت بۆی بڕۆی ئەوا دەتوانین پێغەمبەران لە ژیانیان و مەلیکەکان لە وڵاتەکانیان چۆن بوون وانە رابردووی نەتەوەکان و پیشەی پێغەمبەران و وە مەلیکەکان لە وڵاتەکانیان بزانین.

# زانستە یاریدەدەرەکان بۆ لێکۆلینەوە لە مێژوو

# گرنگترین ئەوقوتابخانانەی کە لێکدانەوەیان بۆ مێژوو کردووە

- ١- لێکدانەوەی ڤیکۆ:
- جان پاپێت ڤیکۆ فەیلسوفێکی ئیتاڵیە ولە شاری ناپۆلی لە ١٦٦٨لە دایك بووە، لە سەرەتاوە زۆر کاریگەر بووە بە فرانسیس بیکۆو ئەفلاتون.
- کۆمەڵێك نووسینی لە بارەی لێکدانەوە و فەلسەفەی مێژوو نووسیووە،
- ئەو بۆچوونانەی کە ڤیکۆ دەربارەی مێژوو نووسیوویەتی لە کتێبێك دا کۆی کردونەتەوە بەناوی زانستی نوێ
- ڤیکۆ وەك ئیبن خەلدون دەڵێت ئەوەی من دام هێناوە شتێکی نوێیە و بیروبۆچوونی خۆمە و کەس ل پێشوودا قسەی لەسەر نەکردووە.

# بیروبۆچوونەکانی ڤیکۆ دووبەشە:

- ١- باس کردن لە سەر میتۆد و کەبریتیە لە تێڕوانین و قسە کردن لەسەر مەنهەجیەتی مێژوو
- ٢- ئەوەی پەیوەندی بە فەلسەفەی مێژووەوە هەیە.
- بەشی یەکەمی بۆچوونەکانی بریتین لە باس کردنی ئەو بابەتانەی کە مێژوونووسان زۆر بایەخیان پێ نادەن و بۆ مێژووش گرنگە.
- کە ئەوانیش : ئەفسانە و زمان و وەرگرتنی ریوایەت و بەڵگەکانن.
- ١- ئەفسانەو گرینگیەکەی:
- أ// ئەفسانە گوزارشت لە جیهانبینی و عەقلیەت و واقعبینی پێویستە مێژوونووس خۆی فێری لێکدانەوەی ئەفسانەکان بکات، چونکە ئەمە نیشانەی پێشکەوتن و داهێنانی ئەوکۆمەڵگەیە.

- ب// لەبەر ئەوەی ئەفسانەمکانڕەگ و ریەیەکی واقعی ووابەستەی بە کۆمەڵگەکەوە هەیە.
- ٢- زمان:
- پێویستە زۆر گرنگییە زمان بدرێت لەبەر دوو هۆکار:
- پێویستە زمانی ئەوناوچەیە بزانینکە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین بۆئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان زۆر باش دەربچێت.
- پێویستە مێژوونووس زمانی ئەو سەردەمە بزانێت کە لێکۆڵینەوەی لێ دەکات چونکە زمانەکان دەوڵەمەندن و بەردەواموشەی نوێ دێتە ناوی.

٣- وەرگرتنی ریوایەتەکان: دەبێت زۆر بە حەزەر بین چونکە بە یەکێك لە بەڵگە گرنگەکان دادەنرێت بۆ لێکۆڵینەوە.

# وەهمەکانی ڤیکۆ:

- وەهمی شت گەورە کردن لە قەبارەی خۆی.
- ٢-وەهمی خۆ بەزل زانینی میللەتان
- وەهمی رۆشنبیری ئەکادیمی
- وەهمیبە دوای یەکداهاتنی زانستیانەی میللەتان
- وەهمی نزیکایەتی.

# یاسای پەرەسەندنی میللەتان

- ١-سەردەمیخواوەندەکان
- ٢-سەردەمی قارەمانەکان
- ٣-سەردەمی مرۆڤەکان

# ئیبن خەلدون و لێکدانەوەکانی بۆ مێژوو

- ناوی عبدالرحمنە هەندێك دەڵێت بەربەرە (ئەمازیغە).
- لە ساڵی ٨٠٨ ك كۆچی دوایی کردووە .
- لە دیارترین کتێبەکانی برینین لە (المقدمە) هەروەها (العبر وديوان المبتدأ والخبر فی الاخبار العجمی والعربی) کە بە تاريخ ان خلدون یش ناسراوە.
- ابن خلدون زیاتر بە کتێبی المقدمەناسراوە لەبەر ئەوەی باسی لە کۆمەڵگا و دەوڵەت و پیشەسازیو ئابووری و کشتوکال و لایەنەکارگێری پێگە جیاجیاکان هەمووی تێیدا جێگەی بۆتەوە.

- هەروەه ابن خلدون کتێبێکی دیکەشی هەیە بەناوی رحلە ابن خلدون شرقا وغربا
- باس کردنلە علمی عمران:
- ابن خلدون زۆر گلەیی لە مێژوونووسانی پێش خۆی دەکات:
- هۆکارەکانی نووسین بەو شێوازەلە لایەن مێژوونووسانەوە؟
- ١- بۆ زیاتر سەرنج راکێشان
- ٢-بۆ خزمەتی سوڵتان و حاکمو بەرپرسان.
- ٣-یان حەزدەکەن کاری ریایی بکەن.

# عیمران و زانستەکەی ئیبن خەلدون

- قۆناغەکانی عیمران و گەشەسەندنی
- عیمرانی بەدەوی
- عیمرانی حەزەری
- تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغانە
- رۆلی عەصەبیە دەمارگیری لە گەشەسەندن و دامەزراندنی دەولەتان

# قۆناغەكانی ژیانی دەولەتان

- طور البداوه دامەزراندن
- طور التحضر پێگەیشتن
- طور التدهور رووخان

- هەریەك لەو وقۆناغانه و تایبەتمەندیان و بیروبۆچوون دەربارەی رووخانیان

# هیگڵ و بیروبۆچوونەکانی دەربارەی مێژوو

هیگڵ و بۆچوونەکانی دەربارەی مێژوو

کتێبەکانی دەربارەی فەلسەفەی مێژوو:

فەلسەفەی مێژوو ، فلسفه الحق، فیسیولوجیای روح

جۆرەکانی فەلسەفەی مێژوو یان جۆرەکانی مێژوو

١- مێژووی ڕەسەن

٢-مێژووی تیۆری

مێژووی تیۆری دابەش دەبێت بەسەر سێ تەوەرەدا:

مێژووی پەندئامێز

مێژووی هزرەکان

مێژووی ڕەخنەیی

میتافیزیك و مەنتیق لەلای هیگڵ چی دەگەینێت.

# باسی ئازادی لای هیگڵ

- لە شارستانیەتی کۆنی رۆژهەڵات
- میللەتانی یۆنانی کۆن
- ئەوئازادیەی لە دەوڵەتی پروسیا هەیە
- دیالێکتیك

# قوتابخانەی ماددی گەرایی

- مارکس و ئەنگڵس

- بیروبۆچوونیان دابەش دەبێت بەسەر سێ تەوەرەی سەرەکیدا:
- ١-ماتریالیستی دیالێکتیك
- ٢-ماتریالیستی مێژوویی
- ٣-ئابووری سیاسی

# سەرخان و ژێرخان

- ئەوقۆناغانەی قوتابخانەی مارکسیزم بۆمێژوویان داناوە

- ١-کۆمۆنەی سەرەتایی
- کۆیلایەتی
- دەرەبەگایەتی
- سەرمایەداری
- کۆمۆنیزم

# تۆینبی ١٨٨٩ـ١٩٧٥

- له بەریتانیا له بنەماڵەیەکی مەسیحی بووه، له بواره جیاجیاکان خوێنیدوویەتی خوێنیدی باڵای تەواو کردووه، پسپۆر بووه له مێژووی کلاسیکی کۆن، لەسەروبەرندی جەنگی یەکەمی جیهانی کار دەکات، له مستەعمەراتی بەریتانیا و تەنانەت له دابەشکردنی موسڵ له ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆدا، بۆچوونی هەبووه و ئاگای له کێشەکانی کورد هەبووه، ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری سیاسەتی دەولی بووه. له ساڵانی سیەکاندا دەستی کردووه به نووسینی کتێبه بەناوبانگەکەی بەناوی ( لێکۆڵینەوه له مێژوو) ئەم کتێبه له ساڵەکانی سیەکان دا هەندێك و له دوای جەنگی دووەمی جیهانیش هەندێکیدیکەی بڵاوکرایەوه، ئەم کتێبه زۆر بوو بۆیه نوسەرێك هەڵسا به کورت کردنەوەی و کردی به دوو بەرگ (بحث فی التاريخ) که طه باقر وەریگێڕاوەته سەر زمانی عەرەبی له بەغدا ئەوی تریش بەناوی (مختصر دراسة فی تأريخ) یەکێك له قوتابیەکانی وەریگێڕاوەته سەر عەرەبی که له میسر بووه.
- تۆینبی کەسێکی زۆر خۆشەویست بووه لەلای له هەڵوێستی بەرامبەر به عەرەب و ئیسرائیل بەتایبەت دژی ئیسرائیلیەکان بووه و هاوهەڵوێست بووه لەگەڵ عەرەبەکان.

# دوو کتێبلی هەبووە بەناوی شارستانیەت لە تەرازوودا وشارستانیەتی بەشەریەت